له چاپكراوه‌كانی ئه‌میندارێتی‌ی گشتیی
رۆشنبیری‌و لاوان

# چه‌پكێك له شیعره‌كانی

## سامی عه‌ودالْ



ئاماده‌كردن و پێداچوونه‌وه‌ی
كه‌ریم شاره‌زا

پێشه‌كی

ره‌فیق مه‌جید عه‌بدوللا

١٤٠٢ هـ ١٩٨٢ م

# سامی عەودالی شاعیرو
# چەپکێك لە شیعرەکانی

( سامی عەودال) نازناوی شیعریی مەلا حوسەینی بابە رەسوولی شاعیری کلاسیکی کوردە لە سالی ۱۹۱۰دا، لە گەڕەکی بایزاغای شاری کۆیە ، شاری حاجی قادری کۆیی‌و مەلا محەمەدی کۆیی‌و یونس دلدار ، دایك بووەو ، چاوی بە جوانی دیمەنی شیوی رەزانی ئەو شارەو چیاکانی باواجی‌و هەیبە سولتان کراوەتەوە گوێی بە هاژەی رووبارو قاسپەی کەوی قەد پالی چیاکان‌و چریکەی بولبولانی باغەکانی ئەو شارە گۆش کراوە •

سەرەتای خوێندنی لە حوجرەی مزگەوتەکانی کۆیە دەستپێ‌کردووەو تەمەنی حەڤدە سالی‌یەوە دەستی بە شیعر دانان کردووەو شیعری شاعیرە دیارەکانی کوردی وەکوو نالی‌و حاجی قادری کۆیی‌و ئەدەب‌و قانیع بەرەو بدانی ئەدەب‌و شیعریان بردووەو ، کە بووە بە شاعیرێکی بە دەستەلاتیش لێ شاعیری ناوچەی کۆیەی وەك دلدارو ووردی‌و مسکین سوودیان وەرگرتووەو هونەری شیعری کوردییان لەم شاعیرەمان وەرگرتووە •

ژیانی لاوێتی لە کۆیە بەسەر بردووەو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژیش دابین کردنی ژیانی چۆتە هەولێرو لەوێ بە پینە دۆزی ژیاوەو خەڵکەکە زۆر رێزیان لێناوەو شیعرەکانیان پەسەندکردووە •

ئێستا ماوەیەکە گەڕاوەتەوە شاری کۆیـــەو دوکانی بەقالّی داناوەو، شوێنەکەی بووە بە یانەو جێگەی کۆڕبەستنی ئەدەب دۆستانی ئەو شارەو شاعیرە لاوەکان رووی تێدەکەنو ئەویش شیعری تـازەی خۆی بۆیـان دەخوێنێتەوە رێگەی شاعیرییان پیشان دەدات .

کۆیە :رەفیق مەجید عەبدوڵڵا
١٤/٧/١٩٨٠

هەواڵنامەی کتێب

# شیعری ئایینی

هەواڵنامەی کتێب

# (قل هو الله)

بلێ ئەو خوایەی پێویستە بوونی
یەکەو تەنیایە ، یەعنی بتوونی

هەر ئەو خوایەیە ، جێی نیازو ئومێد
کەسی لێ نەبووەو کەسی لێ نابێت

بەهیچ کەس ناچێ ،بە دەستەڵاتە
کەس بەوی ناچێ خاوەن نەجاتە

بۆ کوللی کارێ هەر بۆ خۆیەتی
رەجای موحەممەد عەفووی خۆیەتی

هەواڵنامەی کتێب

# خودایە

بۆ تۆم هێناوە هاوار یاواجدو یاسەتتار
چاوم لە رەحمی تۆیە منی فەقیرو هەژار

بم پارێزی لە شەیتان لە ئینسانی شێتو هار
لە جاهیلو هیچو پووچ شێخ پەرستو لەزۆردار

خودا پەرست ون بووە ، دینیش بووە بە دینار
عارەق خواردن بویتە باو گەورەمان خوانی قومار

پیاو چاکانی ئێمڕۆکەش ئەو بووینە ریاکار
(سامی) نەما کەمو زۆر لە بیرچوو رۆژی ئازار !

# «دوور بە لە شیرك»

شرك زولمی عەزیمـە خەتەر مـالی هەتیمـە
گەر بخۆی مالی هـەتیم جێگای خۆشت جەحیمـە

ئەدی بە خۆم بلێم چی ئـەعمالی چـاکەم نـەبوو
لە رۆژی حەشرا ئـەمن ،رووت و دەستم لەزیمە[1]

چ شك نابەم بە غەیری ئەوەی کە ئێستـا دەلێـم
(ان شاء الله) موشریك نیـم لەو بوختـانە بەریمە

سامی لە صـانیع دەکەم بـە خێوکەری ئینسـانە
وا بە زوبان من گوتم ئـەو عـەللامو عەلیمـە ..

---

(1) زی: یاخە .

# بەبۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەرەوە

ئیمڕۆیە ڕۆژی بوونی موحەممەد
جەلادی کوفرو زۆردارانی بەد

ئەو پێغەمبەرەی بە خوێن ڕژاندن
تەختی شاهانی هێنا هەژاندن

هەر هەموو دنیای کوففاری شەقاند
تاقی کیسرایی هەژاندو تەقاند

زنجیرو کۆتی دیلیەتی پساند
خوێنی خوێنڕێژی بە ملیۆن ڕژاند

لە ڕێی یەزدانو نەمانی زۆردار
دەستیدا چەکو شیری جەوهەردار

شاهانی فورس‌و قەیسەری ڕۆمان
لە ترسی ئەو بوو دەلەرزی دڵیان

پلەی فیرعەونی هەر بە میسلی گۆ
دایە بەر شەقان کە خودا پێی گۆ

ئەو نەبی یەی خاوەن قــووەتو هونــەر
فاتیحی مــەککەو تــایفەو خەیبــەر !

قــەلای خــەبــاتــی بنــاغــە دانـا،
بــۆ مـــەردو ئــازاو ئینســـانــی زانــا

بۆ ئومــمــەتی ئــەو عەیبــە ســەر شۆڕیی
لــە دیــن لابــداو ڕێگــا بگــــۆڕی

هەروا دیتــە پێش «ســامی» قیــامەت
پوولێکی نــاکا مولكو زەعــامــەت

«هەر خوا»

هەر لە خــوا بکە سـاڵو مونـاجـات
هــەر خــوا دەتــوانێ خەلاست بکات

شێخیش وەکوو تۆ خۆی لێ قەزایە
بچێتــە جەهەننەم تۆ بۆ کوێ ببـات

هەوالنامەی کتێب

# موحەممەد

جەللادی بتو ئەسنام، چەند سەفەر چو لەبۆ شام
جاری ئاخیر گەڕاوە، کەوتە فیکر بۆ ئەنجام

حوببی خۆی دەگۆڕیەوە لەگەڵ خەدیجە تەمام
چوو بۆ ئەشکەوتی حیرا تا ڕێی پیشاندا عەللام

بۆ خەلاسی ڕێی کوفر نەکرێ لە بەیتولحەڕام
جوبریل هاتە خزمەتی کە قاصید بوو بۆ کەلام

دەستی کرد بە تەبلیغات لەبۆ تەریقی ئیسلام
دەستی مەنعی درێژ کرد ناو عومەر کوڕی هوشام

سەبری گرت لەژێر عەزاب لە مانێ سوجدەو قیام
ئینتیزاری وەحی بوو یا وەرگرتن بە ئیلهام

خودا نەسرەتی دەدا لەسەر کوففاری نەفام
الله فەرمووی وأسجدوا سوجدە بیەن بە بێ سام

هەواڵنامەی کتێب

# قورئان

هەر تەریقی قورئانە ڕێی ڕاستی ئـادەمیزاد
با بە چاکی بیزانین ئیشی بێ بکـەین ئەی عیبـاد

کـە ڕێگای ئینســانیە ، ئیختیـارێکی خـودایـە
لادانی شەیتـانیە ،دەبی بـەفیـسق و فەسـاد

لە ڕێگای شەڕو شەیتان ،دەبیە نەمیم و قاتل
فەوتاتان بێ شك دەبێ وەك فەوتـانی قەومی عـاد

دەبنە فەقیرو حەسوود ،دەمرن وەك قەومی سـەموود
بابشمێنن لـە دنیـا ،دڵتـان هیچ نابێ گوشـاد

سامی خواو بوونی ئیمان بۆیە بـاشە ئەی ئینسـان
نابتە وەخت بەبـادان ،لـە مێژوو نـابێ بەر بـاد

هەواڵنامەی کتێب

# «پەیڕەو»

لە قورئانی کەریمدا ئایەتێکت خۆ فەرموو
وەعدەیەکت پێداوین (ذلك اليوم الحق)

ئەو ڕۆژەی ڕاستەو دەبێ حالی من دەبێ چی بێ
بۆ ڕۆژی نەفسی نەفسی ئەعمالی چاکەم نە بوو

وەکوو ئەوانەی دەڵێن سەد خۆزیا کە نەبو باین
گوناهکارمان یەکێك بێ ئێمە وا دەیکەین بە دوو

دەڵێن ئەمڕۆ تا سبەی دەکەین ئیختیاری تۆبەی
هەنگیش[١] «سامی» لێ دەکەین کە هاتە سەری کەپوو[*]

هەولێرنامەی کتێب

---

(١) هەنگیش: ئەوکات.
(*) کەپوو : لووت .

# ئیرادەی خودا

ئیرادەی وا بوو لە رۆژی ئەزەل
من لە خەم تۆشین سپی کەم سەقەل

بە دیتنی ئینسان ، ئینسانی تەمبەڵ
کەشکۆڵ لە مل کا بۆ نان و بەصەل

تەسبیح چەپ و راست بەرماڵی بە کۆڵ
تەمبەڵ و بەد خوو بێ کار و زەغەل

کەولێ لەبەر کا هەروەکوو بزن
چاوی پڕ کل کا ،رەش وەك رەنگی قەل

بەشێت و تەمبەڵ مەڵێن وەلینە !
هەتا کردنیان بە (زەربولمەسەل!)

بەسیە نەزانین ئەو کارەساتە ،
مەبنە میراتگر بۆ گورگ و چەقەل

ئەم سیفەتانە سامی لێ دەکرێن
رێگای ئینسانی پێ دەبێ بەدەل !

هەواڵنامەی کتێب

# «لە خوا یاغی بوون»

چەندی واعیز بوو جانی بنی جانی
باری تەکەبور کەوتە سەر شانی

تەکەبور وای کرد لە خوا یاغی بوو
تەوقی عەزازیل بێتە ملانی

وەحشیو نەزانی بێتە ملانی
مەعنا جاهیلو هەردەم نەزانی

خەلقت لا گەورە لە گەورەییە
دیارە کە چاکی بۆ خۆت گرانی

لە کەمی خۆتە خەلقت لا کەم بی
لە خراپی خۆتە لە کەس ڕەزا نی

مەعناو خولقەتت گەر خۆش بێ سامی
دیارە بە سەبرو خاوەن ئیمانی

هەوالنامەی کتێب

# وەس وەسەی شەیتان

وەس وەسەی شەیتان وەس وەسێکی زەعیفە
لە قەولی (رب العزة) وەرمـان گرتووە خەفیفە

دوژمنی گەورەی ئینسان نەفسی خـەبیس و پیسە
نەکەن ببن بە کۆیلەو نۆکـەری ئـەو خەبیسە

وەس وەسەی ئینسانی وەس وەسێکی گەورەیە،
خۆ پارێز لە لای خودا ئـەلحـەق سـاحیب بەهـرەیە

نـابێ هیچ لێی ئـەمین بین کـەم و زۆری موتلـەقـا
چـونکە فیکری نەفسی پیس لەسـەر فیتنـەو نـاحەقە

ئادەمیزادی شەیتان کاری چۆنەو چۆن دەکا
پیشـەی دائیمی وایـە قسـان دێنێـت و دەبـا

پێی دەگـوترێتن نـەمیم ئـادەمیزادی دوو ڕوو
یـا خـەریکی بوختـانە یـا کاری پیس و بـەد خـوو

لە سوورەتی (قل أعـوذ) ئیشـارەتیـان دەدرێتێ
ئەمری خوداش وەهـایە نابێ گوێیـان بـدرێتێ

ئەوانەن بە شەیتـانی کـە ئیمـان و دین بـەرن،
ئەگەر گوێیان نە دەینێ درۆزن، خۆ ونکـەرن



هەواڵنامەی کتێب

رێی شەیتانی خۆش دەکەن تا لە بیرمـــان چێ رەحمان
ئەوا باشمـــان پیشـــان دان قیسمی ئینس و هەندێ جـــان

هەرچی سامی بکاتن خۆیـــان لێ دەپارێزی
بە هەشت باوەشی گرتووە خۆی باوێتە ئامێزی

* ● *

## خودا پێی گوتین

وەستای ئەزەل سنعـــەتی وا دیـــارە لە چـــاوە
جینو بەشەرو خاکو هـــەواو ئاگرو ئـــاوە

ئاگرو شەیتانو خاکو بەشـــەر نەفسـەکی بـــەد خـــوو
کە لەناو لاشەی ئینسان ئاوا مـــاتو خـــزاوە !

# ئەلحەمد

## بە قسەی دەروێشان

تەنها یاریدە لە تۆ دەخوازین
لێمان ڕازی بی زۆرت لێ رازین
وا مازی چنی کون لە پاشۆلین
لەبەر شێخو مێخ گەلێ نا ڕازین

❋ ● ❋

بە هادی خوداو غەوس و نورەدین
بە قەولی قورئان ئایەی نەستەعین
هاواری وانە شیرکی ئەکبەرە
بە قەولی سەریح با لێی بنۆڕین

❋ ● ❋

جارێ نا ترسین سامیکی ناکەین
عابدو مەعبوود لێك جودا ناکەین !
هاوارێ بیەیت بۆ غەیرێ خودا
هەمووی هەر کفرە دەبێ بڕوا کەین

هەواڵنامەی کتێب

# «لە قورئانی پیرۆزدا»

لە قورئانی کەریمدا ئایەتێکت بۆ فەرمووین
ئێمەش لە بەحری گوناھ ،چوار پەل شکاوو نووستووین
لە پاش ئەو هەموو چاکەت ،شوکری نیعمەتت ناکەین
لامان داوە لەڕێی تۆ ،لە ڕێی شەیتانی بەدخووین!

* ● *

# شوکرانە

لە پاش حەمدو خوا ناسین دەبێ ببین بە ئینسان
ئەعمالی چاکەت نەبێ نابتە ئیمان بە قورئان
غافل مەبە ئەی جەوان هەرکەس لە لێ قەومانە
گەر زەنگینو گەر فەقیر ئەگەر دەروێشو سولتان!

* ● *

# خۆم بەخوا دەپارێزم

خۆم بە خوا دەپارێزم لە قسە باشی عەمەل پیس
چونکی ئەعمالی خراپ ئیختیاری کرد ئیبلیس !



هەواڵنامەی کتێب

# «ڕێی شەیتان»

لە کوێمان بۆ هات ئەی مـــامۆســتـــاکان
بتە دوو رێگە دەبتە ڕێی شەیتان

ئی ئێوە دەیکـــەن کوانێ لە قورئـــان؟
سوجدە بۆ خوایە یـــأن شێخی مل پان؟!

دەمت بیەستـــە بۆ سامێ نـــاکەی ؟
دەبم بە خائین وەنـــیـــە توخـــواکەی ؟

ئـــەوا پێم گوتی هـــەر پێشت دەڵێم ،
هەرچەند ئەحمـــەقی پێم بڕوا نـــاکەی !

❋ ❁ ❋

# «هاتو چوونی چەرخی گەردوون»

مـــانگ‌و رۆژێ وا دەبیـــن چەرخـــەچی توولی زەمـــان
فەسلی چـــوارەم ئـــاوو ئـــاگر هاتو چۆی ئـــەستێرەکان
ئاخری کەی دێ زەمانە چی بڵێ فکری نەزان

هات‌و چوونی چەرخی گەردوون تا بەکەی دەخولێتـــەوە
کۆن‌و تازەی چۆنە یا رەب چۆن ددبێ ببڕێتەوە؟

هەواڵنامەی کتێب

# قسەی پێغەمبەر

ئەوا حەدیسی قاتیلو مەقتوول
بۆی ئیسپات کردین خوێن ڕێژی مەسؤول

لە وەختێکدا بوو کە فەرمووی تەواو
کاتێکمان زانی کە هاتە پێش چاو

یا خوا هەر نەژی ئینسانی نەزان
بەو پێغەمبەرەی بۆ نایینی ئیمان؟

شکڵی پیاو کوژی لە چاوی کوژراو
حەزرەت دیتیتی وەك سێبەرو تاو

ئەوەی دەکوژرێ ئەوەی کوژراوە
لێیان تۆرێوە هەمووی تەواوە

بۆیە فەرمووێتی تاکو پیاو کوژان
ڕێگایان نەدەین لەبۆ خوێن ڕژان

دەبێ لە گوناهکار ڕوومان وەرگێڕین
ئەمری پێ کراوە ئەمرێکی زێڕین

ئێمەش لە گوناهکار خۆ نزیك دەکەین
بۆ ڕێی خوارو خێچ وەك عەبدو لەلەین



هەواڵنامەی کتێب

بە ئێمە دەڵێن ئیسلامی بە ناو
شاهیدی دەدەین بە جامێ دۆشاو

هەرچی کە گوتیان هەر دەڵێین وایە
ئینسانیش وا بێ وەك کەرو گایە

ئینسانی نەزان هەرگیز چانابێ
مەگەر نەزانین لابەرین چا بێ

خۆ شێخی گەورەو مورشیدی شامی
جەهلی داناوە لە رێگای «سامی»

هەواڵنامەی کتێب

# شیعری نیشتمانی

هەواڵنامەی کتێب

# خاکی کوردستان

وەختێ خاکی کوردستان بـەرگی سەوز دەپـۆشێ
خاوو گیابەندو کنێر دارو بـەرد دادەپۆشێ

فەسڵی سونبول‌و نێرگز وەختی سووربوونی گوڵان
لەو خاکی وا رەنگاو رەنگ دێ چریکەی بولبولان

بولبول لەناو باخانی ،بـە خۆشی‌و کەیف‌و شـادی
دەچرێکێنێ بەبێ خەم ،دەڵێ بمرێ فەسادی

نەسیم چڵان دەژێنێ ،بولبول بـە کەیف‌و خۆشی
رەیحانی دەشت‌و چیا ئاوی خونچان دەنۆشی

باڵایی بیی‌و چنـار ، بە گـولوکی سێو‌و هـەنار
بێ شك دەرمانی سیلە ،ئـاوی کانی‌و مێرغـوزار

لە باخاتی تێکەڵاو ،گـوڵ وەکـوو بەفرو خوێنـە
دلیـان لەسـەر دەنیشێ ،خۆش‌و مێشك هەژێنـە

«سامی» تۆ کوردستانی ،لەو خاکی خۆش‌و گوشاد
بۆچی دایم عـاجزی جارێ نـات بینم گوشـاد ؟!

# کوردستان

بزانن باخی «ئیرەم» خاکی خۆشی کوردانە
خاوو گیابەندو نەسرین نەخشی شاخو کێوانە

بە گڵو بەردی نەخشینە بە گـولزاری رەنگینـە ،
بە کۆسرەتو سەفینو شاخی هەیبـەسوڵتانە

هەندێ عەردی قرمزە چیمـەنی پڕ تێرگـزە
لەو باخـانەی پڕ خونچەی چریکـەی بولبولانـە

هێرۆو سوسنو سومبول بۆگوشاد نـابی ئەی دڵ
لە ناو بەیبـوونو کنێر لـەو درەختـە شۆخـانە

ئەو شاخو دێمو دەشتـە دەڵێی باخی بەهەشتە
دەرمانی دەردی وەرەم سـەرچـاوەی جۆگـەکانە

خاکی وا خۆشو رەنگین باغی پڕ سێوی نـەخشین
کیژەکانی حۆرییە ،غیلمـانی مێرەکانە

ئەی حۆریو غیلمانی ،ئـاودێری باخـەکانی
تو خوا «سـامی» بنێـژن خۆ هـەژاری خۆتـانە

هەواڵنامەی کتێب

# «خاكى كوردان»

ئاگرى لە دلى بەرداوم رۆژى كەيفو سەيرانێ
محالە بكوژێتەوە «بەرێژنەى دە بارانێ»

سێو لە باخان نەخشاوە ،باخەكانى وا ساوا
نازەنينو سيساوە ،لە شەقلاوەو هيرانێ

سوورو سپى خەملاوە ،دلم لەلا نەماوە
كەسكو سوور تێك ئالاوە لەناو خاكى سۆرانێ

باخەكانى نەخشاوە ،چياكان گيابەندو خاوە
لەو بەينەى دڵ هاتو چوو دايم دەكا جەولانێ

نەسيم هەناسەى دێنێ خونچەى گولان دەژێنێ
ئەو گولانەى رەنگاو رەنگ دێنەدەر لە نيسانێ

بەهار فەسلى گولانە چريكەى بولبولانە
عاشقى خاكى كوردانە با عالەم پێ بزانێ

بەهارى وا ڕازاوە سونبولى دوا بە دواوە
خونچەى سەرى تێك ناوە بێ لە هێرو رەيحانێ

ئەى لاوانى يەعقووبى عاشقى خاكى كورد تۆبى
دلسۆزيت بێ يەعقووبى بۆ يوسفى كەنعانێ !

خاكت زەردو بيمارە ،بێ سەبرو بێ قەرارە
حەپسى دەستى تاتارە ،نە گيرا لە مەيدانێ

خۆ «سامى» ئەو شيعرانە هەر بۆ خاكى كوردانە
شاعير لەتو پەتى كەن ،مەيلى وەتەن دانانێ

# بەهاری «کۆیە»

بەهاری (کۆ) چ ڕەنگینە چیاو دەشتی هەمووشینـە
بە ڕەیحـانو بە نـەسرینە هەژاری بۆچی غەمگینە؟
بە باغچەو باخو گوڵزارە ،بەکانیو ئاوی جۆبـارە

* ● *

بە گوڵزارو گوڵی سونبولچریکەو دەنگی دێبولبول
گوڵی باخان دەڕژێ چڵ چڵ فیدای بێ سەد قەڵای بابل
بە باغچەو باخو گوڵزارە ،بەکانیو ئاوی جۆبـارە

* ■ *

بەهاری کـۆ کە ڕازاوە ببینن وا لـە پێش چـاوە
کە دێ هاژەی چەمو ئاوە صەبا وەك وی نە خەملاوە
بە باخچەو باخو گوڵزارە ،بەکانیو ئاوی جۆبـارە

* ● *

بەهاری بەزمو سەیـرانە ،لە باخـان خونچـە خەندانە
لەوێ بولبول غەزەلخوانە کە «سامی» ماتو حەیرانە
بە باخچەو باخو گوڵزارە ،بەکانیو ئاوی جۆبـارە

# بێچوە کورد

بێچوە کوردێکی خاکی کوردانم
دایم مەلوولو چاو بە گریانم

لەو خاکی وا خۆش ،باخاتی رەنگین
بە بێ جێگامەو بێ دەرەتانم

حەسرەتەو مەندم هەروەکوو بولبول
بێ خەو لە ئاهو ناڵەی خونچانم

وەك گوڵی بەیبوون ، زەردو زەبوونم
دایم نەخۆشو دڵ پەرێشانم

خەم وەکوو زنجیر لە دەستو پێمە
وەك باری گران کەوتە سەرشانم

نائومێد نابم دنیا دەورانە
بەڵکوو دەبزوێ چەرخی زەمانم

من وەکوو مەجنوون لە بۆ لەیلایە
هەتاکو مردن هەر چاورەوانم

مردم بمنێژن لە پێورە پێوران
چونکە پەروەردەی دارو بەردانم

سامی خەیاڵت بەس بکە جانە
من وەکوو شێرو رەقیب جەیرانم

هەواڵنامەی کتێب

# شیعری کۆمەڵایەتی و
# پەندو ئامۆژگاری

هەواڵنامەی کتێب

# قسەی موختەسەر

قسەی موختەسەر پێت بڵێم: مامە
[هەزار قاڵو قیل یەکیان تەمامە]*

تۆ قەولی درۆ بەچی دەزانی
راستی یەکێکە جێگەی مەرامە

با من بۆت بکەم باسی قسەی راست
ئەمر بە چاکە هەر لای خودامە

لە تورەو تەمام خۆپەرست دەبی
قسەی شیرنو خۆش ،قازانجی عامە

مەخلووق بە زۆری لە خواریی پسان
دایم پڕ چەتەو رێگەی بەسامە

(*) دێرە شیعریکی مەلا محەمەدی جەلی زادە بۆتە سەرچاوەی دانانی ئەم شیعرە .

# «گەورەو گچکە»

ئەغلاتی پیاوی گچکە دیارە بەقەد خۆیــەتی
پیاوێکی زل خەڵــەت کا عــالەمــەك ڕۆ ڕۆیــەتی

مەڵێن ئەو بــابی دزە ئــەولادی دەبێ دزبێ
کردیتیــانە شــایەعــە گیا لە پنجی خــۆیەتی

گەلەك پیاو چاکانمان دی کوڕی وەك جــاشەکەرە
جاوەشیشمان دیــت کەوا چــاکەو زانین تۆیــەتی

ڕێگای عەدڵو ڕاست دیارە ئینســانی پێــدا بڕوا
کــەر بە سیرری نــازانێ بــەڵام دەردە جۆیــەتی!

سامی چەندی باسی کرد قیمەتی هۆشــەی نــەبوو
تۆی خۆی کردە بن عەردو ئەوەش وەردو شۆیەتی

هەولێرنامەی کتێب

# لە گەنجیەتی‌دا پشتم چەماوە

ئەوا پیر بووم کەلکم براوە
لە عومری گەنجی پشتم چەماوە

دڵ داپین نابێ ناو چەوانی خۆم
بێ بەختی نەبێ چیم لەچی ماوە؟!

* ● *

خۆشی دنیاییم نە کەم و نە زۆر
نەدیت لە دەستی ئەو قەوسەی خۆ خۆر

با بۆ خۆم ڕاکەم نەك مامم بمخوا
دەچمە لای خۆشی‌و لە خەم دەچمە زۆر

* ● *

لە سامی جەهل ئەمن چانابم
بچم میوانی کەللەیی شابم

ئەو لە هاتو چوون من لە هاتو چوون
حوکمی ڕوخاوە تا بۆی گەدا بم

## «حاڵی دنیا»

حاڵی هەروایە ئـەو دنیـای دوونی
ماضيو موستەقبـەل ،بوونیو نـەبوونی
بە غەیری ئەوە چیتر شك نابەم
هەر دووك زیللەتن وا بـۆی زەبـوونی

تا دەوڵەمەند بی ،تەمـاعكار دەبی
دەر حەق بە عالەم گورگی هار دەبی
هـەرچەنـد فەقیری فەقیری زانـا
بۆ تۆ وا بـاشەكە بێ چـار دەبی

لە بێ چـاریوا شوكری خـوا دەكەی
بە زەختی نەبوون كاری چـا دەكەی،
هەرچـی پێـت بڵێـن لـە راسـتو درۆ ،
خودا عالیمە تـۆش بـڕوا دەكـەی !

❋ ● ❋

## دڵ

دڵم كـەوتۆتە دەستی زۆر دارێك
رەحمی پێ نـاكـا لـە سـاڵێ جـارێـك
بە چـەنگی خـوێنین ئـەوا دەیگوشێ
فرۆشا بە سینەو بە چاو خومارێك

# دنیا بۆ کەس نەماوە

بەس فیکری بێ جێ بکە بۆ وا خەیاڵت خاوە
دنیای بێ شەرتو بەقا لەبۆ هیچ کەس نەماوە

چەند عالیمو پیاوچاکان ئێستا سەرینیان خۆڵە
ئەو ئەرزەی وا دەبینی ملیۆنەهای قووت داوە

ملیۆن خاوەن تەختو تاج سەری خۆیان بەرزکرد
هەموو وا بووین بە خاك هەر ئێسکیشیان نەماوە

هەتاکەی وا کەم عەقڵی لێم بووی بە حاجی ێرگز
وەکوو دینار پەرستان ئاگات لە خوا بڕاوە

نەینۆك بێنە پێش چاوت بەڵکو بەخۆت دەبینی
وەکوو حاجی یەکەی چاو کز پشتی کووڕو چەماوە

نەفسی قەناعەت ناکا ئاگادارت با بکەم
وەك پیرێژنە جوولەکە شەرمو حەیای ڕژاوە !

هەواڵنامەی کتێب

# هۆی چوونم بۆ هەولێر
## لە ساڵی ١٩٥٠ دا

مِنِ فەقیرو دڵ حەزینم بۆ هەژاریم خەم دەخۆم
رووتو برسیو دەردەدارم ساڵێ جارێك خۆم دەشۆم

سابوونم گڵە حەمامە دەچمە ناو مزگەوتەوە،
هەر بە ئینۆك پارە پارەو شەق شەقم کرد قەلبی خۆم

خۆم بسووتێنم بە سووتان ،با بسووتێم چاکترە
لەو ژیانەی وا بە تەنگی حەسرەتی یەك نانە جۆم

رایەخم ئەرزە سەرینم ،بێ خەف‌و چەترم سەما
بێ رێو جێو دڵ حەزینو بێ دەرو دێوانە خۆم

رۆژو شەو دەردو فیراقو دەست لەسەر دەستی بەتاڵ
خۆ ئەرز زۆرو فەراحە من لە کۆیە بۆ نە ڕۆم ؟

پڕ دڵم دەردو مەراقە ئەو مەراقەت پێ بڵێم
لێم گەڕێن تو خوا رەفیقان کوشتەیی حاجی سەگۆم

غەدری مامە زاڵمەکانم داخی وان .سەر بارییە
زوڵمی وا کەی ئەو تەریقە بۆ دەدەی هەی مامی خۆم

تۆ هەژارییو دەردەداریی بۆ دەتۆشی ساميا
تۆ فەقیرو بێ مەکانی قەت مەڵی من خەڵقی کۆم!!(*)

---

(*) خەڵقی کۆم : خەڵقی کۆیەم.

## «ئەوەی دەژی تا بخوا»

ئـەوەی دەژی تـا بخوا بمرێ بـاشتر نیە تو خـوا ؟
چونکە خـواردن بۆ ژینـە وا مەکـە وەخـتـت بـڕوا

بخۆ تا بژی «سـامی» ئیرسی دەولـەتی جـامی
لـە قـەولی سـەعدە دینـە عیلمی موورشیـدی شـامی

* ● *

## «بە خەم سەرخۆشین»

هەنـدەك سەرخـۆشن بـە ئـارەق نـۆشین
ئیمەش بێ شەڕاب بە خـەم سـەرخوشین

بە خـەم لەوانەی بـە دینن بـە درۆ
لە هەنـدێ عـایید بـە خـۆ داپـۆشین

وا لە ناو دینی خـواش خۆشی نـاوێن
تیـری فـەسادی لـە تـارێـك داوێـن

لێیـان پـرسیـن لـەو نەمیمـانـە
پـس و گـلاون لـە بـەرگی خـاوێـن !!

هەواڵنامەی کتێب

# «ڕاست بڵێ»

کەسێك زانایە شتێك نەزانێ
دەبێ بە زانا بڵێ نازانم

کەواتە «سامی» هەرزانین باشە
وا بۆت دەرکەوت لە ناو دوانم

* • *

# «حاجی قادرو سامی»

مەرگو ژین میسلی سیبەرو تاوە
ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە

خۆزیا بەو نەکا دەبێتە دەلاّل
کورد هەراج دەکاو شەرمی ڕژاوە

دۆلار پەرستی ،گەل فرۆش ،سەر شۆڕ
کورسیو تەختو تاج لەبۆ کێ ماوە !؟

هەواڵنامەی کتێب

# عیلم

عیلمە بەرزیو عیلمە روحی میللەتە
عیلمە مایەی نەصرەتو هەم فورسەتە

عیلمە رادیۆو کارەباوو طائیرات
عیلمە کارو پیشەسازی رەحمەتە

عیلمە کەشفی کرد تەمامی کائینات
عیلمە دەرمانی نەخۆشیو غەفڵەتە

عیلمە جەوهەر بۆ بەشەر وا دەردەخات
عیلمە گەر میللەت بخاتە عیززەتە

عیلمە گەر میللەت لە زیللەت بەربدات
شاهیدە بۆ خاکی چەند پڕ قیمەتە

عیلمە گشت دەردو نەخۆشی چار دەکات
عیلمە دایم پڕ لە گەنجو حیکمەتە !!

عیلمە تاریکی جەهل رووناك دەکات
عیلمە بینای ئاوەدانیو شەوکەتە!
جەهلە گەر میللەت لە ئەرزی روویبات
ئەو نەخۆشیو باری دەردو میحنەتە

«سامی» عیلمە قووەتی شێر کز دەکات
عیلمە سەرچاوە و خودانی غیرەتە

هەواڵنامەی کتێب

# دنیا

دنیا دەوران دەورانە دەوری خۆمـــان زانی‌یــە
بچۆ هێلکەم بۆ بکڕە زەردێنەی تێدا نی‌یە !

ئیمان بووە بە دینار سەبرم بدەی یا سەتتـــار
خێرو خێرات بونە ڕیا هیچیان لە بۆ خوا نی‌یە

بەلاَم چ شتێ‌دەبینین ،بۆتە جێگای سەر سوڕمان
هەرچی دێتە گفتوگۆ وەك محـــامی‌و قازی‌یە

زۆریش دەلێ وەلیمە ،بە تەسبیح‌و زیکری زۆر
بە ووردیش لێی دەتۆڕین ئەعمالی شەیتانی‌یە

دەلێن بە قسەم بکەن ئەممـــا بە ئەعمـــالم نـــا
چونکە خۆی خۆی دەناسێ ئیمانی تێدا نی‌یە

چەندی عالیمی بێ‌عەمەل وەك کەرەو باری کتێب
لە سەرکەوتن بێ شکە ،نەسرو مەیدانی نی‌یە

خوا عالیمە بە بـــاطن ،بـــە زاهیریش دیـــارە
قەلبی بۆشە لە زانین بورهـــانی بێ ســـامی‌یە



هەواڵنامەی کتێب

# «ڕەوشتی بەد»

پالەوانێکم ئەمما پالەوان ،
تووشی هیچ نابم خۆمو ناوچەوان

پالەوانێکم ناترسم لە شەو
لە ناو دۆشەگا پرخو هۆڕی خەو

بۆ شەڕ خەیالی هەر من دلێرم
لە لێ نەقەومان بە شێر دەوێرم

کاتێ ڕۆژ هەڵات لە خەو هەڵدەستم
هەتا چێشت تەنگاو خەوالوو مەستم

پاشی قاوەڵتی دەچم بۆ بازاڕ
جارێك نا تۆرمە هەتیوو هەژار

لە سواری تەماع عەجیب سوارێکم
بۆ ئادەمیزاد وەك ڕەشمارێکم

بۆ خۆهەڵکێشان هەروەکو بولبول
خیانەت دەکەم لە سایەی قشپل،

لە بەردەم عالەم دایم لە زیکرم
خوا ناسیی بە دڵ نایێتە فیکرم

تەسبیحـاتو نوێژ بـە ڕۆژو شـەوێ
بە هیوای ئەوەی دنیـام دەس کـەوێ

بـەزارو زمـان کاکە گیـان دەکـەم
ئینسان بە بێ دەنگ تووشی زیان دەکەم

هەتاکو بمدەن ڕێگەو مەیدانی
منم فیتنەچی لە پێش نەزانی

هی بێی نەوێرم هـەر نەفسی خۆمـە
جارێکی بۆ خۆم ،خۆم نـاکەم لۆمـە

دایم هەوڵەدەم لـە بۆ نـارێکی
بۆچی نـا ترسم سـالی جـارێکی ؟!

دەتۆرمـە ئینسـان زۆر بە بچـووکی
لە دەستی خۆمە گرانو سـووکی

ئەوجا بزانن ئەمن چـەند ئـازام
لـە بۆ ئیش تێکـدان چەندە شارەزام

جارێ بۆ زانین گـوێم نـەدا قورئـان
تا ڕەحمم بێ بکا خـوای عەزیموشـان

لەو خـوایە گەورە سـامێکی نـاکەم،
چ بخوێنمەوە کردەوەی چاکەم ؟

هەواڵنامەی کتێب

# «لە داخی چیمە»

لە داخی چیمەو چیت نووسی قەڵەم
حەکیمی نەزان نازانێ ئەڵەم!

یا دەڵێن عاشق بە دەردی یارە
بۆ یار دەناڵێو وا دەردەدارە

نازانن لە دەست جەوری ناکەسان
سامی ملهوڕو لە چاکەی خاسان

بیری منی برد گەمەی پێ دەکا
جەرگی سامی لەت وا خوێی تێدەکا

هەواڵنامەی کتێب

# «خەم»

من خـەمم هەردەم خەمـاوی کارو پیشەم هەر خـەمە
بۆ هـەژاریم دڵ بە تـاوم غەیری زولفو پـەرچـەمە

«من خەمم خواردو خەمیش خوێنی سەرم دەخواتەوە»(*)
تاکو سەد سالی بنـووسم قەت خـەلاس نـابێ کەمـە

عالمێکـە دەرس دەڵێ پێـم تـاکو مـردن من فـەقێم
شەو کە داهـات گڕ دەسێنێ تـا سەحـەر من لالـەمە

مـن لە نـاو کۆتی فـەقیریو دوژمنـانیش پێم دەڵێن
تـۆ رەشو ڕووتو نەزانی ،دیـنو دنیـا من هـەمـە!

سەروەتی خواریت لە بۆ خۆت رووسپی نـاو زگ رەشە
فلسو دینـار دینی تۆیـە ،دینو دنیـا مـن هـەمـە !

حەزرەت ئەفەرموێ ئەمـانە چـاکترینی ئوممـەتن
ژنیان بەرەنجی شانە خۆشـەویستی ئیمـەنە

سامی زینداني خەمانم (یـا رەسول الله) دەخیل
تۆ پەرێشانیم دەزانی بۆچی فیکـرم دەم دەمـە

---

(*) بیری ئەم دێرە لە شیعرێکی نالی وەرگیراوە.

هەواڵنامەی کتێب

# «شیعری دڵداری»

هەواڵنامەی کتێب

# «بەخت»

وای لەبەر بەختی رەشم رۆژو شەوم زاری‌یە
فرمێسکی خوێنی گەشم بە چەشنی مرواری‌یە

مەڵێن بۆ زاری دەکا خەمە خەمخواری دەکا
پەرچەمە هاری دەکا عیللەتی ناچاری‌یە

پەرچەمی رووی هەڵداوە ،دڵم لە دەست نەماوە
زوڵفی بە چین شکاوە ،کەزی یەکەی رەش ماری‌یە

موڵکی جەم‌و فەرەیدوون ،وا دێت چەرخی گەردوون
قووتی دان بێ سەرو شوون بۆ هی تۆ سەرباری‌یە

لە دەستی بەختی کوونی با لە شاخان مەجنوونی
بمرێ بی سەرو شوونی نەك لە نالی شاری‌یە

ئەی ئاسەفی خەمخوارم ،بۆ خۆت وەرە هاوارم
وەتی بۆ تۆ لە زارم ، دەردم سەخت‌و کاری‌یە

وا ئەشعاری نیزامی بویتە میراتی «سامی»
هی من لە بێ ئەنجامی‌و هی تۆ عیشق کاری‌یە !

# گیانەکەم

حەسرەتی دووری فیراقت خۆم دەخۆم دڵخوازمە
دەنگی بولبول وا لە حەسرەت نەعسەوو ئاوازمە

عودی خوسرەو ،جامی جەمشید .جەیشی ئەسکەندەر تەمام
پاکی بۆ خۆشی لە کەیفو خەندەیی گوڵنازمە ،

جەنگی هیتلەر جەیشی یۆنان هەڵسەتی تورکو فەرەنگ
هەر بەشی حەملێکە بۆ من وەك موژەی سەربازمە

مولکی ئێرانو فەرەنگو میسرو رۆمم بۆ چیە ؟
من کە کوشتەی زوڵفی چینو چاوەکەی پڕ نازمە.

چی بکەم چارم لە دەست چوو .سەبری ئەییوبم نیە
بۆ نەمامی قەددی شۆخت وەك تەیر پەروازمە

هەندێ جاران روویی خۆشیو کەیفو بەزمی شۆخەکەم
هەندێ جاران وا لە شاخان بۆ لەیل هەر گازمە

هەر بە منداڵی کە سامی دەرسی عیشقی خویندوە
،کێوی هیجرە تاکو مردن رێگەو هەرازمە !!

هەواڵنامەی کتێب

# «لە داخی تۆ»

له داخی تۆ من مەجنوونم شەو ناڵینو رۆژ زەبوونم
دەم لە باغان لەگەڵ بولبول لە باخی خونچەو بەیبوونم

له بەرگی زارو دەروێشی بۆ نازی لەیلا ناکێشی
دەمێ دوورو دەمێ نزیکی نەوەك لەیلەم دڵی بێشی

هەر چەندی یار بێ وەفایە رادەگرم نازی لەیلایە
چەندە دوور بم لێی نزیکم دڵمی لەلا بە جێمایە

سانیعی رووی وێ لەیلایە چەندی وەسفی کەم هەرمایە
نەققاشی هەر خۆی دەیزانێ خەتی ئەبرۆی چۆن کێشایە

زارو عومر بە با رۆیی بە بولبول چی خونچە رۆیی
داخۆ کەینێ دەڵێن سامی لە دنیادا ئەویش رۆیی؟!

# دڵ بۆتە بولبول

دڵی بولبـول دەناڵێنێ ئەتۆش خـونچەی لە باغـانی
لە هیجرانت هەتا ڕۆژێ مەحـالە خـەو لە چـاوانی

سەحـەر هـاتو دەڵێن ڕۆیی فیغـان کـەم بـا بە ناچـاری
کە کوژراوم بە قاقایی‌و بـە نووکی تیغی موژگانی

نەمـاوە حـاڵەتی ژینـم لـە تاوی تـۆ ئـەوا ڕۆیی
لە مەو پێشان کە نەم دیبووی گـوتم: ئـاخۆ بە ویجـدانی

دڵی بردم بـە ڕاکێشـان دەبـا بۆ خـۆم بنـاڵێنم
بە داوی زولفی پەستیتی لە نـاو چـاهی زەنەخـدانی

قەمەر روون بوو گوتم: یا ڕەب چ سیرڕیکە کەچی تۆڕیم
کـە ئاوێنـەی روخی یـارە کـە پۆشراوە بـە مـوژگانی

بـە خەنـدە پێی گـوتم: بەسیـە ،هەتـا کەینێ دەنـاڵێنی ؟
ئیشارەی بـاخی سینەی کـرد گوتی: فەرموو بـە پەنجـانی

لە لایـەك غەبغەبـەی تـەڕی‌و لـە لایی گـەردنی بەلـوور
بە خۆشیی کەوتمـە تۆشینی لـە لای لەیلا بـە میوانی

وەکـو تفلێکی برسی بوو دڵی مـەست کرد بـە شیری پـاك
ئیتـر کـەوتم بـە بێ دەنگـی نەمـا نـاڵەو پـەرێشـانی

نەما «سـامی» نە دەردی لەیل نـەهیجری فیتنـەیی نەمـام
ئومێدی هیچ نەما شەیتـان نەمـا بازاڕی شەیتـانی

هەواڵنامەی کتێب

## «شەماڵ وەرە»

شەماڵ وەرە باخ بیینە بۆ گوڵ چنین یار بیینە
خونچە سوور بوون لە ناو باخان ئێستا کاتی گوڵ چنینە

با بێن بم بینن لە شێوەن لە گەڵ بولبولانی چیمەن
دەمێك قاقاو دەمێك گریان چەشنی مەجنوونم بە دیمەن

لە چیمەن لە گەڵ بولبولان فوغان کەین بو خونچەی گوڵان
شەو تێپەڕی وا بەیانە چاو لە ڕێگای کەمەر شلان

شینی بولبول لەگەڵ سامی نەیان ما سەبرو ئارامی
خونچەوا هات دەم کاتەوە عیشق کوانێ کوا ئەنجامی ؟

هەواڵنامەی کتێب

## «کراسەکەت کتانچینە»

کراسەکەی کتانچینە بۆ بە دڵ وا غەمگینە ،
هەتاکەی حەسرەت هەڵکێشم سەر بڵندکە خوای ببینە

هەتا کەی حەسرەت زاڵمە وا دووریی تۆ ئیقباڵمە ،
کەی برسیت بوو دەناڵێنی رۆژو شەو گریان حاڵمە

رۆژو شەو گریانە حاڵم وەکوو مەجنوون بێ ئیقباڵم •
چاوەڕێی نامەی وەفاتم کەی بۆم دێنێ بای شەماڵم

(سامی) نزیکە هات بەیان دەمرن رەقیبو بومەیان
فیکری خەمخواریت نەمێنێ رەقیب هەروانە بێ حەیان

* ● *

## «شۆخەکەم»

باڵای شلی وا وەستاوە زوڵفی لە گەردن ئاڵاوە،
دەڵێن بۆ عاشقانی غەمگین چەتری بە زوڵفان هەڵداوە

عاشق ناچێ بۆ ناو ئاگر بە حوسنی لەیلا سووتاوە
لە باخی سینەی بە خەندە لە یاران وابی کوژراوە

نە کوژراوە ،نە سووتاوە ،بڵێن بە یاران هەرماوە
لە سایەی زوڵفی داو داوی سامی بە شادی وستاوە

# «قەدی شلەو چاوی بازە»

قەدی شلە چاوی بــازە چەند خومــارە پڕ لە نــازە ،
زولفی وەك لەشكر وەستاوە موژەی خوێنرێژی سەربازە

بە قسەی خەڵکی لێم بەقینە بۆ کوشتنــم زۆر دڵخــوازە
دڵ دەناڵێ وەکوو مەجنوون رەقیــب چەندی لێ بەگازە

لــە خۆشیی ژینی دنیــادا هەرچی عــاشق بێ بێ نــازە
لــە بۆ پیرو لاوی تــازە دەردی عیشق زۆر هــەورازە

هەزاران عاشق کوژراون چۆن چاری من دەکرێ تــازە
بم کوژە سامت لێ ناکەم بۆ عاشقــان کوشتن جیــازە !

# «قەد عەرعەر»

شل کەمەرو قەد عەرعەرو سالاری شلانی
بالاّ گوڵو موو سومبولو ئارامی دلاّنی

عاشق بەچە گەردن کەچە بۆ گەستەیی ئەژدەر
بی نازە دەڵێن سازە بە دڵخوازی دەزانی

ئەو زیللەتە پڕ ئەزیەتە کەی فورسەتە فەرموو
وەرە بۆ لاشەیی وێرانە کە دەرمانی، دەزانی

«سامی» هەیە ئەو نامەیە هەر بۆ مەیە کەی دێ
ئەسەرێکی، خەبەرێکی بدە گەر تۆ بە خەتانی !

* ● *

# «یاری بێ وەفا»

دوور بە لە یاری بێ وەفا دەتخانە ناو جەورو جەفا
کوشتن لای یاران سەیرانە دەتکوژێ بۆ سەیرو سەفا

عاشق دەکوژێو قاقا دەکا، دوو ئەگریجەی تاتا دەکا
عاشق نەفامو بێ هۆشە بە سەححاری بڕوا دەکا

مەڵێن بۆ بڕوای نەمایە، بیستومە سامی کوژرایە
دڵ وەك پەروانەی بێ دەنگە یار وەکو تیفلی ساوایە

# پەرچەمی چین‌چین

پەرچەمی چین‌چین لە سەر رووی هەر کە دێتە پێشـەوە
پێچە بوو گەر هاتە گولشەن ،چاوەڕێم کەی دێتـەوە

وەك غەزالە ئەو لە سـەحرا جار بە جـار لێم ون دەبێ
جار بە جاریش دێتە بەر چـاو جـارێ دێ ون بێتـەوە

شێخی مورشیـد گەر ببینێ وێڵو سـەرگـەردان دەبێ
عەینی مەجنوونە لە شـاخان رۆژو شەو دەخولێتـەوە

دێتە گریانو فیغانێ هەر دەگـریێ بێ قـەرار
رەنگی خونچەو دەنگی بولبول هەر کە دێتـە گوێتەوە

تیری موژگانی لە جەرگم خەنجـەرێکی کاری‌یە
تیغی عـاشق کـوژ عـەزیزان خـوێنی لێ دەتکێتـەوە

ئـەی رەفیقـان لۆمەکاری من مـەکەن ئێوەو خـودا
هـەر کەسێ لێ‌ی‌دا بە موژگان زەحمـەتە هەستێتـەوە

ئەشکی خـوێنینم لە چـاوان ،وەختی وەستـانی نی‌یـە
یا نەژیـم توخـوا بە زەحمـەت بم کـوژەو ببڕێتـەوە

یـا بپرسـە حـاڵی من وا بـۆ فـیراقت رۆژو شـەو
ئەشکی خوێنینم لـە چـاوان بۆ چی نـا وەستێتـەوە

سامی غەمبـارو هەژارە بۆچی نەبتـە بـاخەوان
چەندە خۆشە دوو هـەژاران شەرت ببەستن پێکـەوە

# «عیشق»

لە دەردی عیشق اکەمێکم زانی
تەماشا دەکەم زۆر بە گرانی
ئەوی بێ درۆ چوو بۆ ناو عیشق
لە دلی دەرناچێ وا بە ئاسانی

ئەوی عاشیقی نەخشی ئیلاهن
خاوەن سامانو سەروەرتو جاهن
زەنگین ئەوانەن هەر وەکوو سامی
لە دەریای عیشقا سولتانو شاهن

هەواڵنامەی کتێب

# «لەیلەکەم»

تۆ ئەگەر بێ حاڵو بێ حالیم نە پرسی لەیلەکەم ،
شێتو شەیدامە لە تاوت دەشتو سەحرا تەی دەکەم

گا لە سەر کێوان دەسووڕێم گا لە فیکری شیرنم
گاهێ سوڵتانم لە دڵدا گاهێ ئیسکافی دەکەم

گا لە باغان دادەنیشین مەی دەنۆشین دەم بە دەم
گاهێ تەنهامە لە شاخان روو لە دەشتی رەی دەکەم

گاهێ مەجنوونم لە تاوان کارو پیشەم زاری‌یە
گەهـ خەریکم هەر بە قاقا مەیلی تاجی کەی دەکەم

عامیلێکم رووتو ناچار لۆمەکاریم بۆ دەکەن
دیلو یەخسیرم لە بۆیە شێوەنو وەی وەی دەکەم

پێم دەڵێ یار وا دەبینم هەر کە دێوانەی لە بۆم
وا مەزانە پەردەیە بۆ دیتنت پێچەی دەکەم

رۆژێ دێتو وا لە پێشا هەر کە رۆژی شادی‌یە
وەك زولەیخا بۆ عەزیزی مەنعی دوو غونچەی دەکەم

مودەتێکە چاوەڕێم بۆ لوتفی زێباو بۆ کەرەم
زۆر بە ئاواتو حەزینی سەیری ئەو شۆخەی دەکەم

وا لە بەحری سووری خوێنین پێم دەڵێ خۆ نا خودا
فەرتەنەی بەحری لە پێشە (سامی) غەرقی مەی دەکەم

# یارەکەم

لەسەر خورشیدی روخساری نیقـابی زولفی هەڵـداوە
لە بۆیە موشتەریم زوهـرە خەجـاڵەت مـاتو دامـاوە

چ بەزمێ بوو ئەوێ رۆژێ وەکو یارم کـە کۆچی کـرد
وەکو یووسـووفی یەعقووبی کە دەفرۆشـا زولەیخـاوە

وەکـوو بولبول کە دامـاوە لە تـاوی گوڵ دەناڵێنێ
،کە وەی زانی مەیێ بوو ئەو لە ناو زاری قەدەح مـاوە

بڵێن بولبول سەحەر رۆیی لەبـەر چی مـاتو بێ دەنگی
بە شاهیدی نەسیمی دەم کە یار ئێستا لە خـەو مـاوە !

بزانن دڵ نـە کـوژراوە خـەریك مـاوە لە دوو لاوە
بە داوی تا کەمەندی کرد ،بە پەنجەی سوور کە خوێناوە

مـەڵێن (سـامی) دەنـاڵێنێ کە کاری ئاهو نـالینـە
دەبـا بۆ خۆی بنـاڵێنێ لەبۆ بـەختی هـەتـا مـاوە

هەواڵنامەی کتێب

# بولبولێکم

بولبولێکم من لــه باغــان پاســەوانی غونچــەمە
ڕۆژو شەو کارم گرینە تــا سەحــەر هەر نالەمــە

دوو گوڵن بۆ کوشتنی من زەردو سوورو زۆر جوان
خۆ ئەگەر بێ پێم بدا یار چی بوێ لێم هــەر کەمە

سینە بەفری چاو خومارا ڕوو لە من کە روو بە ڕوو
لادە پێچــەت زەخمە جەرگــم ئینتیزاری مەلحــەمە

(سامیــا) تۆ بۆ دەپرسی؟ ئــاینی خۆت پێ بڵێم
پێ بزانە (بەردی ئەسوەد)جێ مەقــامی سوجدەمــە

هەواڵنامەی کتێب

# «مەکەن مەنعم»

-

مەکەن مەنعم بە ریسوایی رەفیقانی وەفادارم
پەرێشانیم بە ڕەنگێکە لە حالی خۆم کە بێزارم

لە بۆیە ماتو خەمگینم نەماوە حالەتی ژینم
مەحاڵە من نەجاتم بێ مەکەن تەگبیر لە تیمارم

نە لوقمانو نە ئەفلاتوون، عەلی سیناو ئەرەستۆتا
بەلاشن بۆ برینی من بڵێن یار بێ بە هاوارم

دەسووتێ دڵ دەناڵێنێ بە دوو چاو خوێن دەبارێنێ
لەبۆیە خوێن لە چاوم دێ بە موژگانی بریندارم

عەفووم کە توو خودا، لەیلا، نەوەك بمرم بە مەجنوونی
لە من عاجز مەبە هەروا نەهەژارو دەم بە هاوارم

نەترسم من لە زولفی تۆ موژەی تیژت وەکو خەنجەر
لە قەیسەر چۆن دەترسم من ئەتۆ یەك بی لە ئەنصارم

لە هیجری یار هەتا مردن دەگریێمو دەناڵێنم،
لە «سامی» دیدەنی یارە دەنا هەردەم کەڕو لاڵم
خۆ ئەگەر وەك من جلی چلکن بێ
بەڕیشو سمێڵ چارەی کولکن بێ
لە لای قاپیەوان هەر دەر کراوە
هەر قاپی تۆیە کە نە گیراوە
من کە لیقای تۆم هەرزان دەسبت کەوێ
لە بوردە باری بەندەت چیم ئەوێ

## غەمزەی چاوانی

منی شەیدا کرد غەمزەی چاوانی
دڵم دەناڵێ لە ناو داوانی
لە داوی زولفان حەپس و زنجیرم
خەتی کێشاوە ئەبرۆی کەمانی

غەریب و تەنها لەلای ئەسیرم
لە جەرگم دەدا تێزەی موژگانی

عاشق کوژ دیارن بە خودا لە چاوان
بەڵام کوشتنی کەس پێ نازانێ
کە کوشتەی کێمە وا لە سێدارەم
بێ کەس دەمێ تێژێ لە تێو زیندانی

کەس لێم ناپرسێ بۆچی کوژراوم
غەیری هەژاری گوناهم کوانی ؟

لە لای رەقیبان غەدرم لێ کراوە
بەڵام سەبرم گرت سەبرێکی جوانی
سامی نەماوە فیکری هەر ماوە
عاشق دەیزانێ داخ و هیجرانی

هەواڵنامەی کتێب

«پیری بوم له هیجرت»

پیر بووم له هیجرت پشتم چه‌ماوه
تاکه‌ی بنالم هێزم نه ماوه
تۆ منت کوشت‌و یه‌خه‌ی کێ بگرم
له بۆ تۆ شه‌یداو حالم نه‌ماوه

بۆ یار ده‌نالێ‌و شه‌یدای له‌یلایه
بۆ بیبه‌ن بۆ لای شێخ‌و مه‌لاوه
من برینداری تیری موژگانم ،
خاڵ‌و ئه‌گریجه‌ی چین‌چین وه‌ستاوه

به چاوی جوان‌و ئه‌برۆی که‌وانی
به داوی زولفان ئه‌منی به‌ستاوه
بابێ لوقمانی ده‌ردو برینم ،
بلێن برینی موژه‌ی کولاوه !

ئاوی جۆباران ووشکه به هاوین
خوێن له چاوی من بۆ نه‌وه‌ستاوه
رۆژێك له شاخان ده‌سووڕامه‌وه
له‌یله‌که‌ی خۆم دیت کوتری ده‌خولاوه

له ناو کنێرو سووسن‌و سومبول
له منی ده‌پرسی ده‌ی گۆ گه‌رماوه
بلێن بێته لام سامی غه‌ریبه
تا به خه‌می من سه‌ری نه‌ناوه

## « خوایە چیم لێ قەوماوە »

خوایە چیم لێ قەوماوە بەختم بۆ وا داماوە
وەك پیرێكی سەد سالی بە لاویم پشت چەماوە

چەمیوم وەکو گۆچان کەوتمە ناو دەردو غەمان
وەکو داری دیمەکار لە چیاو چۆڵان رووەاوە

لە چوار فەصلان سووتاوم نەماوە هێزی چاوم
زستان لەبەفرو باران ، هاوین لەبەر هەتاوە

لە نالەو دەردی یاریش هەر نەخۆش‌و دەردەدار
دایم عاجزو غەمبار فرمێسکم وا لە چاوە

ئەویش هەر وەکوو عەرعەر ،بالای سەروو سنەوبەر
زولفی چین چین دێنە خوار کە یەك یەکو بە داوە

داو بە داو دێتە خوارێ وەك گیابەندی بەهارێ
دەمێ رووی دادەپۆشی دەمێ پەرش‌و بلاوە

ئەوا سامی کوژراوە تیری موژەی لێ دراوە
قاتیلی وی بناسن پەنجەی سووری خوێناوە !

## « گوشتمی »

گوشتمی ئەو وا بە موژگان چـاوەکانو غەمـزەکەی ،
چەندی خۆی لێم دادەپۆشی دیـارە رۆینو لەنجـەکەی

خۆی بە سەد بـەرگان بگۆڕێ هـەر دەزانم دولبـەرە
چاك دەزانم یاری خۆمو شۆخی کەیفو بەزمـەکـەی

دڵ کـە رۆیی هاتـە لاتو کەوتـە ناو داوی زەنـەخ
هاتە پێش چاو باغی سینەو شل بوو بەندی سوخمەکەی

بەسیە بێ رەحمی هەتـاکەی زاڵمەی عـاشیق کـوژە ،
قاتیلی خوێن ڕێژ دەنـاسی دیـارە دەستو پەنجـەکەی

پێم دەڵێ من ئەی دڵا چیت کرد لە هیجرو دەردی یـار
رەحمێ ناکا یـار لەگـەڵ تۆ پـاکی رۆیی رەنجـەکەی

دڵ دەڵێ لاشـەی بـە تـاڵی پییری بێ فیکرو نـەزان
من لە تۆی چاتر دەنـاسم نـازی لوتفو لەهجـەکەی

# عیشقی لەیلا

غەمو تاڵیم زۆر لە مێژن هەتا لەیلا دێ مەم تێژن
با لەیلا بێتن کفنم کا ، قەبرم بە گوڵاوی دا رێژن

وەسیەت بێ بێتە سەرینم بۆ خۆی بداتن تەڵقینم
بشلێن گوتیەتی ببینم ،ئێوەو خودا وای پێ بێژن

کفنم بدروێ بە زولفان ،لە جێی زەمزەم ئاوی گوڵان
بە عاشقان بێنن تابووتم ،هەتا فرمێسکان دارێژن

خوێنی بەکر مەرگەوەری وەکوو سەگ پێمان دەوەڕی
زین بۆ مەمە ،مەم بۆ زینە ،حەسوود لاڵو کەڕو گێژن!

عاشق بە سامو مەردانە لە ناو ناڵێنو دەردانە
عاشق نەگەن بە مەخسوودیان لە ژیندا کورتو درێژن

# یارەکەم

چەند جەزام دەی من رەزامە هەر عەزیزو یارمی
کەی گوتوومە لای کەسێکی باعیسی ئازارمی

چونکە سولتانی لە بەر دڵ گاهی رزوانو دەمێ
بۆ دلی غەمگینو بێکەس بولبولی گولزارمی

وەختێ موژگانت لە جەرگم دا وەکوو خەنجەر دەڵێن
مەرهەمی دەردی برینو حازری تیمارمی

گەر بە پەیمانە حەقیقەت کاری من بێتە نەزەر
میهتەری رێگای خەلاسو خازنی رزگارمی

کەینێ دلخۆشی غەریبی هاتە فیکری شێوەنت
قووتی روح سەبرم بە تۆدی خونچەیی جۆبارمی

شێوەنو زاری کە سامی گرتووەو هەر تۆی سەبەب
لەشکری تاتاری پەشمە چونکە خۆت سالارمی

هەواڵنامەی کتێب

# دڵو بولبول

دوێنێکە چووم بۆ باغێ کە ناڵینی بولبول بوو
نەغمەیەکم گوێ لێ بوو ،لە وێنەی یارو دڵ بوو

وەك دڵ بۆ یار دەناڵی کەس نەبیتن بە حاڵی
بۆ ئاوی خونچەو دەمی ،ئەو ناڵینەی قابل بوو

من پێم دەگوت ئەی بولبول ،بۆ دەناڵیوا بە کوڵ
ووتی: شەو پاسەوانم بەیان هات چاوم گل بوو

بۆ وەمە پاسەوانی ،ناڵینیو نەعمەخوانی
خونچە منی شەیدا کرد ،وەختێکی هەستام گوڵ بوو

بۆچی لێم دەکەی پسیار ،تۆش وەك منی بریندار
باسی خۆتم بۆ بکە یاری کامان عادل بوو

ئەتۆ عاشقی خونچانی رۆژو شەو لە باغانی
تۆ یاری منت بدیا چ شۆخو کەمەر شل بوو

زولفی وەك عەنبەری خاو یەك یەك وەستابوون بە داو
سوحبەتیان لەگەڵ نەسیم لەسەر ئالتوونی مل بوو

بە رۆژو شەو دێوانەم ،چاوەڕێی ئەو پەیمانەم
لە گوفتو لوتفی شیرین ئارامی دڵ کامڵ بوو ،

ئەتۆ دەردت گرانە ،یا (سامی) ت پەرێشانە
جێگای من باغی (ئیرەم) هیلانەی تۆ سەر چڵ بوو

# «دڵ پەرێشانە»

لە بۆ تـۆ دڵ پەرێشـانە ،بە ڕۆژو شـەو لە گریـانە
لە عالەم وابێ ترساوە ،کە شێتی دەستی پەریانە

لە وەهمی گەردەنی بەللوور ،سولەیمانە دڵیش وەك موور
لە عەقڵی من گەلەك دوورە،لوتف کە چـەرخی دەورانە

دەبا بەس بێ پەریزادە ،بـە پەنجـەت پەرچـەمت لادە
بسـووتێ دڵ بـە ڕوخسـارت کـە تەیریکی لە داوانـە

چ حاجەت پرسی لوقمـانی کە سـامی کانی دەرمـانی
لە سینەی باغی لەیلایە ،دەڵێی بـاغی بەهـارانە

# دڵ پەروانەیە

دڵ لە دەوری شەمعی لەیلا هەروەکوو پەروانەیە
قەلبی بێ هۆشم لە تاوی هەر دەمێك دێوانەیە

وا لە رێگای دیدەنی یار ،هاتوچۆ تاکەی دەکا
دەردی سەگ مەرگی هەتاکەی کاری ئەم دەورانەیە

ئاتەشی عیشقی زولەیخا وا بسووتێ لەو دڵەم
جارێ ناتۆرێ لەلاشەم ،هەر وەکوو وێرانەیە

زیللەتو زارو فراقت ،ووشکی کرد خوێنی جگەر
پاسەوانی دەرگەیی تۆ ،بێ بەشی دەرگانەیە

وەعدەیی وەصلت بە مندا ،بۆ نەهات وەعدەی وەفات
کەی قوبادی من عەجەم نیم مەیخەرە ئەو خانەیە

خوسرەوی بەختت لەسەر من شیرینی کردە مەرگ
خانەیی سەبرم گڕی گرت ،چی بوو ئەو پەیمانەیە

سامی بێ هوشیم یەقینە ،هاتو خستمیە خەتەر
خۆشی پاش تالی کوانێ ، کوانێ ئەو لوقمانەیە ؟!

هەوالنامەی کتێب

# «شێتو شەیدا بووم»

بۆیە شێتو شەیدا بووم چونکە یارم تۆراوە
بە زمانی بەد کاری بەد ،دوعای بەختم شۆراوە

نەشێتو نەشەیدامە ، لۆمەکارو ڕیسوامە
ڕەقیبانی بێ ویجدان ،دەڵێن عەقلی گۆڕاوە

هەوری نەمیمو دوو ڕوو تەمی کرد خورشید ون بوو
بۆیە شەو هات بۆ نالین پێچەی زولفی هەڵداوە

دەڵێن ئەی چەرخی گەردوون چەندانت کرد بە مەجنوون
ئەو هەزارەی دەبینین پەریان دەستیان لێ داوە

مەمکوژە بە دەردی سەری ،لێم دەی موژەی وەك خەنجەر
ڕەحمێ بکە بە حالم ،عالەمم لێ هەستاوە

ئەو یارە دیدە کالە ،وتی :بەسیە مەنالە
کێ باوەڕ دەکا بولبول ،کە خونچەی لێ ڕەنجاوە

خەیالی خاوە ڕەقیب «سامی» لە فیکری تەییب
ڕەقیب لەو دوو ڕێگایە لە شەیتانی خراوە

هەواڵنامەی کتێب

# «خۆشەویستم»

خۆشەویستو خەم ڕەوێنم وا لەبۆ لام هاتەوە
هاتە سەرخۆشی خەمم یا ،هاتو دڵ دەرکاتەوە

هاتی دڵ دەرکەی عەزیزم حەپس و زنجیری بکەی
یا لە سێدارەی دەدەی بەو زوڵفی وا تاتاتەوە

یا بە سالاری موژانو زوڵفی وەك جەیشی فەرەنگ
دێیە مەیدانی تەپۆیەك بەو هەموو شاماتەوە

پاشی مردن وەسیەتت بێ قەبرو تابووتم بکەی
لای سەرینم ڕابوەستەو با ڕەقیب بڕواتەوە

کافرەی مەزهەب مەسیحی یا ئەنیسە بەسیەتی
ئاهی من واهاتە مل تۆو گەردەنی پاپاتەوە

تا مەلائیك لێم دەپرسن «سامی» ئەعمالت چ بوو
من دەڵێم لەیلا دەزانێ جوابی من با بداتەوە

هەواڵنامەی کتێب

# «لە حەسرەتی لەیلا»

عەمرم ڕۆیی بە تاڵان هەر خەمخواری و گریانە
دایم لەگەڵ یەکدی زیز من و چەرخی زەمانە

ڕۆژم وەك شەوە بێهوش شەویشم هەر نالینە
بە چەشنی هاوڕێی بولبول ،عاشقی غونچەی گوڵانە

لە دنیا هەر دەناڵم ،لە حەسرەت ڕووی لەیلایە
ئێستا بە من چی مەئوا ،پڕ لە حۆری و غیلمانە

خۆم دڵی خۆم دەداوە ،دڵ دەیگوت تۆ مەجنوونی
بەهاری هیجران وا هات ،خەم دێ لەسەر خەمانە

وەختێ سەر برینت هات ، خەڵاتت قوربانییە
ڕازیمە گەر تۆ بڵێی ،بەڵام فیتنەی شەیتانە

عاشق دەردی گرانە ،سامی لە دڵ نامێنێ
چەندی پیر بێ ساوایە ،منداڵی بەر مەمکانە

# بەسیەتی ناڵین

بەسیەتی ناڵین ،هاوارو زاری
وەرە ناو باخی وا گوڵ دەباری

وا گوڵ بارینە نەسیمو بولبول
بە نەغمەی شادی وا دەکەن یاری

وەنەوشەو سووسن ،سونبول لە باغان
سەریان تێک ناوەو هاژەی جۆباری

مێشک دەژێنیو ،دڵان دەرفێنی
لە ئێشو ئازار لەناو خەمباری

بای خەم با بڕوا موژدە لە یاران
هەناسەی دێنی ،لە بۆ رزگاری

هەتا ئێستاکە «سامی» نەزانین
بوو بوو بە بەرگی چارو ناچاری

هەواڵنامەی کتێب

# «وەك منداڵم»

وەك منالە بیرو هۆشم چاو لەدوو ،دوو مەمتەوە
بەس بە داوی زولفی تاتا بێ خەتا بم بەستەوە

شەو لە نالینی فیراقت حالێ من هەر شێوەنە
وا سەحەر هات خەو لەچاوت تابەکەی نا رەوتەوە

نا ئومێدی وەسلی خۆتم ،گەر بکەی خۆ دولبەرە
زۆر بترسێتن لە ئاهم گەنجی ماهی نەوتەوە

وەك هەزاری وەك منت کردە نیشانی تیری خۆت
بەو جەمالی شیرنو هەم تاجی کەی خوسرەوتەوە

هەر لەبۆیە دێتە بەر چاوم بە دایم رووی قەمەر
لامە ئایینەی ئەرەستۆ قیسی جامی جەمتەوە

هیچ نەماوە سەبرو تاقەت بەندی سوخمەت لابدە
کەس نەبینی دەردی عیشقێ حەسرەتی پڕ غەمتەوە

مەی کوژە سامی خەتای کوا بیخە لوتفو مەرحەمەت
بۆ جەزای گریەی بە قاقا بێتە ناو جەنەتەوە!

# خوێن ڕێژی یارەکەی من

خوێن ڕێژیی یارەکەی من پێکەنین و خەندەیە
ڕەنگی خوێنی جەستەکەی من وا لە دەست و پەنجەیە

خەڵك دەکوژرێتن بە خەنجەر ،من بە توهمەی عیشقی یار
خوێن گرو هەم خوێن ڕژێنم ،یار نە بێتن کێ هەیە

ساحیرو عەییاری یار وەك میهتەری بابابیە ،
پەرچەمی بۆ گرتنی دڵ ،داو بە داوو حەڵقەیە

تانە کەوتمە داوی زوڵفان و کەمەندی یارەکەم
تەیری سەحرا چۆن دەزانێ دانە خاڵی کوڵمەیە؟

ئافتابی ڕوویی پۆشی تەیری دڵ بۆ کوێ دەچێ
شەو لەبۆ مەجنوونی بێکەس پڕ فیغان و فیتنەیە

جەیشی زوڵفانی لە سەر ڕوو چین بە چین وا دێتە پێش
دەنگی سالاری موژانی هاتە هات و هەی هەیە

چەند بە سامە دێتە تەعلیم مەخسەدی ئەصلی چیە
لەشکری ڕۆم و فەڕەنگی ،بۆ هەزاری وەك مەیە !

هەواڵنامەی کتێب

# بەهارو یار

چەند خۆشە فەسلی بەهار گوڵ وا دڵان دەدوێنێ
خونچە بچنی جار بەجار بولبول دایم بخوێنێ

لە باخی رەیحانو گوڵ چریکەو دەنگی بولبول
هەرچی پێک بێنێ دوو دڵ دەرکەی کابە دەژێنێ

لەگەڵ یاری نازەنین هەر بە قاقای پێکەنین
بکەین یادی گوڵ چنین خەم لە دڵان نامێنێ

جا نەسیم بێ جار بە جار بەژێنێ شەدەی لار
سەد صۆفی بێو تۆبەکار بە خوا تۆبە دەشکێنێ

تۆ یاری وەفاداری بەسیە نالینو زاری
بە خوا فەسلی بەهاری بۆ تۆیە گەر بمێنێ

کراس کتان سوخمە ئاڵ برۆ کەمان چاو غەزاڵ
گەر ببینی دێ شەماڵ پەرچەمان دەهەژێنێ

«سامی» هەژارو غەریب دەخوێنێ وەك عەندەلیب
ماڵت وێران بێ رەقیب لەبەر تۆ نام دوێنێ

# کراسەکەی کتانە

کراسەکەی کتانە سوخمەی لە سەر مەمانی
چاو ڕەشی ئەبرۆ کەمان عەباکەی تورکومانی

شەماڵ پێچەی هەڵداوە کەزی لە ملان ئالاوە
دڵم بۆ تۆ نەماوە بە حالی من نازانی

بەژنی دەڵێی بەیداغە مەمکی سێوی مەراغە
وا جەرگم لە بۆی داغە بۆ ئەگریچەو موژگانی

تیری موژەم لێ دەدا وەعدەی خۆشیم پێ دەدا
زوڵفەکانی لادەدا بە دەستو پەنجەکانی

زوڵفی عەنبەری خاوە پەرچەمی داو بەداوە
دڵی منی گلداوە ،بە ئەبرۆو چاوەکانی

مەڵێن باسی زوڵفانە خۆ عاشقی دێوانە،
بۆ خۆی چەشنی پەروانە دەکا مەیلی سووتانی

گەر بە شەرتو پەیمانی ،لە ناو خاکی کوردانی
داندراوە بە جوانی باغیش بۆ باغەوانی

هەواڵنامەی کتێب

# یارەکەم

دڵ ئەمانەت بوو لەلای من هات لە بۆ خۆی بردەوە
خستیە فیردەوسێ بە پەنجەی باخی سینەی کردەوە

چەند جەرگ سۆزە لە بۆ من یارو ساحیب مەرحەمەت
چونکی زوو زانی کەسێکم لەو هەژاری کوردەوە

جەنەتی سینەی بە مندا لێی بمێنم تا ئەبەد
نامرم ئاوی حەیاتی لێوی یارم خواردەوە

جامی بەللوورم دەتۆشی چۆن بە یانکەم شیرینی
قەددی شمشادی بە بەرزی و خاڵ و دانەی وردەوە

ئەی دڵە تۆ بۆچ خەماوی ئیمرۆ دیتنی دولبەرە
وەصلی یارت هاتە پێشێ (سامی) کەوتە کەیفەوە

هەواڵنامەی کتێب

# «تا سەحەر»

تا سەحەرمان عەیش‌و عوشرەت دەست لەسەر دوو غونچەوە
نەغمەخوانی بوو لـە بـەینی دوو هـەزاری کـوردەوە

چەندە خۆشە سوحبەتی پـاك بێ لە بەینی دوو هـەزار
شەرت‌و پەیمانێ ببەستن هەر بە دایم پێکـەوە

جـا نەسیم بێ بێتە جـەولان زولفـەکانی چین بە چین
پێم بلێ دەی هەستە ئێستـا سێوی نەخشین لێ‌کـەوە

زۆرە بەخشینـت لـەلای من دیتنێکی بـەو کـەمـەت
ئارەمی گرت بولبولی دڵ بێ سەدا بوو خەوتەوە

پێم دەگوت من بولبولێکـم زۆر غـەریبی گوڵ دەکەم
ئـەو دەڵێتن مانعت کا ،وا بە خۆشی‌و لوتفـەوە

کۆتـری دێتن لـە بۆ لام بەندی سوخمەی شـل دەکا
چەنـدە شیرینـە لـە بۆم دێ وا بە کەیف‌و لەنجـەوە!

پێم دەڵێ (سـامی) لە جەنـەت تۆ بمێنی هـەر لەلام
هەرمنم دڵسۆزی تۆمە دیمـە یـاری خەمتـەوە

# یارەکەی غەمخوارەکەم

بۆ زیارەت هاتمە لای یارەکەی خەمخوارەکەم
دڵ بریندارە لە بۆ تۆ ڕۆژو شەو هاوارەکەم

تیژەیی موژگانی تییژت وا لە جەرگم کاری‌یە
مەرهەمی دەردم بفەرموو سینەکەت ئاوارەکەم

چینی زولفەو غەبغەبی تۆ گەر دەبینم من بەتاو
دێتە جەولانو هەژانێ باری میحنەت بارەکەم

لەب وەکوو خونچەو دەمی ئەم ڕەنگی سووری قرمزی
داخەکەم ئەمنت لە دەست چوو تا ڕەقیبت پارەکەم

وەختو بێ‌وەختی لە سەحرا ڕەو دەکەی تۆ مامزی
روو کە جەستەم تاکوو ماوم جارە هەر ئەمجارەکەم

بەختەکەت سووتێ بە ئاهم بەسیە سیحرو دڵ دزین
بەس بە یادی ئەو ڕەقیبو زاڵمی خوێنخوارەکەم

بێ خەتا عاسی دەبی تۆ ،بۆ لە سامی عاجزی
هەر بە روخصەت بێتەوە با ئەو دڵەی دزیارەکەم

هەواڵنامەی کتێب

# «بۆ دڵم پڕ خەمە»

بۆ دڵی من پڕ خەمە وا دایما زاری دەکا
وا لە جێی بابو براکەم پشتو سەرداری دەکا

دەم لە جێی کەیفو سەفایە دەم وەکو قووتە لە بۆم
نامرێ دڵ شێتو شوورە بۆیە بێ عاری دەکا

یاری تەنگانەم خەمە من ،لێم گەڕێن با خەم بخۆم
خاوەنی عەهدو وەفایە یارە خەمخواری دەکا

وەك موعەلیم دەرس دەڵێ پێم حاڵو بی حالیم دەڵێ
خۆشی دەیزانی نەخۆشیم یارە ئەو چاری دەکا

سەد هەزارانی وەکوو من کەوتە ژێر خاك ئاخ لەدڵ
ئەشکی چاوانم لە بۆیە ڕەنگی مرواری دەکا

دڵ بریندارە عەزیزان چی بڵێ قەولی حەکیم
شێوەنو فریادی یارو گریە تیماری دەکا

وا دەسووڕێ چەرخی دەوران ،وا مەزانە سامیا
دێتە مەیدانی حەقیقەت مەیلی ڕەفتاری دەکا

هەواڵنامەی کتێب

# «بۆ وا بێ ڕەحمی ؟»

بۆ وا بـێ ڕەحمی زالـم ، دەشـکێنی پـەڕو بـالم ،
پـەڕو بـالم مەشکێنـە ، سووتـاوی چـاوی کاڵـم

بە ناحەق مەم سووتێنـە ،ساوام دلم مەشکێنـە
بۆ دیاری بۆنی زولفت ،چاوەڕێی بای شەمـاڵم

ئەمـا سـەبرو تەحـەممول ، دەنـالێنم وەك بولبـول
ڕازیمە وەکوو یەعقووب عاشقی یوسفی جەمـالم

عاشقی یوسفی جەمـالی ،ئـەگریجـەو زولفی خـاوی
سـامێکی لـە خـوا نـاکەی هێنـدە بۆ تۆ دەنـاڵم

* ● *

# خۆشەویستی

من بە چـەشنی بولبـولان ، دەچـریکێنم بۆ گـوڵان
لە بۆ گـوڵو گـوڵ غونچـەی ئـارامی دەردی دڵان

ئـارامی دەردی دڵـم ، تـۆ گـوڵو مـن بولبولـم
چاوەڕێیی بای شەماڵم ،پێم دەدا مـوژدەی بەیـان

پێمدا موژدەی بەیـانی ،تۆش کـەم ئـاوی خونچـانی
وەکوو بولبولی سەرچـڵ ،هەر چریکەو نەغمە خـوان

دەچریکێنێ بۆ خونچـەی بۆ چیتی تـاجی کەی کەی ؟
سـامی تۆش هـەر بنـالە لـە بۆ زولفی پەرێشـان

# «یاخودا کۆستت کەوێ»

وەك دڵی منت ڕەنجەڕۆ کرد یاخودا کۆستت کەوێ
نایەڵێ ساتێ ڕەحەت بم هەر دەڵێی یارم دەوێ

گاهـ دەسووتێم گاهـ دەگریێم کارو پیشەم زارییە
شەو کە داهات تا بەیان دێ خەو لە چاوم ناکەوێ!

وا دەگریەم بۆ فیراقت حەسرەتی من سووتنە
با بسووڕێ دڵ لە دەورت هەر دەنیشێ هەڵکەوێ

گەر دەچم بۆ دیدەنی ئەو خونچە سوورە ئەلعەجەب
ئەو ڕەقیبە چەشنی جینێ ،دێ لەلامان وەرکەوێ

کەوتە زیندانی موحیببەت ئەی ڕەقیبان دڵ بە تاو
زۆر گرانە دەردی عیشقی فەیلەسووفە سەرکەوێ

ئەی عەزیزان دڵ بە خۆشی کەوتە پەرواز بۆ فڕین
بولبولێك بوو زۆر بە ئاواز ،نەمدەزانی کەوتە وێ

حاڵەتی ژینم نەماوە ، دڵ لە بۆ دا ناکەوێ
وەی لەبێ بەختیم چ قەوما زیللەتم لا ناکەوێ

شینو گریانو فیراقت پاشی (سامی) بۆ چییە ؟
بۆچی حەپست کرد لە زیندان ،بۆ دڵت داناکەوێ ؟

# پێنج خشتەکی (سامی)

## لەسەر شیعری (قوباد جەلی زادە)ی شاعیری لاو

قەلای (غەمدان)و کوێستـــانو هەواری نەو بەهـــار هیچە
ئەگەر خارای فەرەیدوون بێ لە ئاڵتوونیش دەوار هیچە
تەلاوو گەوهــەرو دوڕی جیهــان بــابێ بە بـــار هیچە
« کە تۆم یار بی عەزیزی من هەزارو یەك نەیـــار هیچە
لە راست زەبری تفەنگێکا ڕمــاحی بێ ژمــار هیچــە»

ئــەتۆ نــازانی ئــەو یــارە چ شیــرینو چ یــارێکــە
چ باڵا بەرزو قــەد بــاریك،بە نازو چــاو خومــارێکە
کە بۆی عەتری هەناسەی بێ هەتــا مردن بە جــارێکە
«بەهاری رووی بەهادارت بە چــوار فەسلە بەهــارێکە
لەلای باخو گولستـــانی وەنەوشــەو لالــەزار هیچــە»

لەبێ مــەیلیت لە نــالینو لە دانەی خــاڵو نــاو داوم
بە ئاگری عیشقی تۆ جانــە لە چەیــوانت کە سووتــاوم
بە خۆشت باش کە دەیزانی هــەموو عومرت بە بــاداوم
«کە من ئەم دەنگە ناسکەی تۆم لەبەر گوێ بێ چرای چاوم
چ حاجەت سۆزی موسیقــا ،کەمانو عودو تــار هیچە»

بە پێچەی مەکرو زوڵفــانت لە من دووبــارە داپۆشــە
دڵی من تۆی لەنــاو دایە لەناو قوڵپــەی گڕو جۆشــە
بەهەشتو باخی نەمرودی ،بە بێ تۆ بێ لــەلام بۆشــە

«ئەگەر سیروانیێ هەڵبەستم بە ئاوی چـاو لەلام خۆشە
کـەچۆن مەعلوومە دڵداری بە بێ گریـانو زار هیچە»

لەبۆ کوشتن چ بێ رەحمـە ،چ غـەددارو چ بێ بـاکە
ئەوا کوشتن ئەنیسیتی ،بـە ڕووی ڕۆژی کە ڕۆونـاکە

لـە بڕوای تۆ کە عـاشق هەر بنـاڵێنێ وەهـا چـاکە
،کەزی ئیشکچی مـەمکۆڵەت لەمـەو بە دوا لـەبۆ ناکا

کە زانی عاشقی شەیـدا ،رقو خەوفی لە مـار هیچە»
خەزینـەی حوسنی تۆ گیـانە دڵو بییری ئەوا سـەندە

،کزەی کەیفو وەفاداری بـە دوو لێوو دەمو خـەندە ،
لە «سامی» گەردەنو مل وەك خوتەن خوانو سەمەرقەندە

«دڵی زاری «جەلی زادە» بە ئەگریجـەت وەهـا بەندە
تەمای بۆ سەرفیرازبوونو ئومێدی بۆ قوتـار هیچە !»

هەواڵنامەی کتێب

١

# پێرست


| زنجیره | بابەت |
|---|---|
| ٣ | سامی عەودالی شاعیر |
| ٥ | شیعری ئایینی |
| ٧ | «قل هوالله» |
| ٨ | خودایه |
| ٩ | دوور بە لە شرك |
| ١٠ | بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەرەوە. |
| ١١ | هەر خوا |
| ١٢ | محەمەد |
| ١٣ | قورئان |
| ١٤ | پەیڕەو |
| ١٥ | ئیرادەی خودا |
| ١٦ | لە خوا یاغی بوون!! |
| ١٧ | وەس وەسەی شەیتان |
| ١٨ | خودا پێی گوتین |
| ١٩ | ئەلحەمد بە قسەی دەروێشان |
| ٢٠ | لە قورئانی پیرۆزدا |
| ٢٠ | شوکرانە |
| ٢٠ | خۆم بە خوا دەپارێزم |
| ٢١ | ڕێی شەیتان |
| ٢١ | قسەی موختەسەر |
| ٢١ | هاتوچوونی چەرخی گەردوون |
| ٢٢ | قسەی پێغەمبەر |
| ٢٥ | «شیعری نیشتمانی» |


هەواڵنامەی کتێب

| بابەت | زنجیرە |
| --- | --- |
| خاکی کوردستان | ٢٧ |
| کوردستان | ٢٨ |
| خاکی کوردان | ٢٨ |
| بەهاری کۆیە | ٢٩ |
| بێچوە کورد | ٣٠ |
| «شیعری کومەڵایەتی و پەندو ئامۆژگاری» | ٣٢ |
| گەورەو گچکە | ٣٦ |
| لە گەنجیەتی دا | ٣٧ |
| حاڵی دنیا | ٣٨ |
| دڵ | ٣٨ |
| دنیا بۆ کەس نەماوە | ٣٩ |
| هۆی چوونم بۆ هەولێر | ٤٠ |
| ئەوەی دەژی تا بخوا | ٤١ |
| بە خەم سەرخۆشین | ٤١ |
| راست بڵێ | ٤٢ |
| حاجی قادرو سامی | ٤٢ |
| عیلم | ٤٣ |
| دنیا | ٤٤ |
| رەوشتی بەد | ٤٥ |
| لە داخی چیمە | ٤٧ |
| «شیعری دڵداری» | ٤٩ |
| بەخت | ٥١ |
| گیانەکەم | ٥٢ |
| لە داخی تۆ | ٥٣ |
| شەماڵ وەرە | ٥٥ |
| کراسەکەت کتانچینە | ٥٦ |
| دڵ بۆتە بولبول | ٥٤ |


هەواڵنامەی کتێب

| زنجیره | بابـــــەت |
| --- | --- |
| ٥٧ | قەدی شـلەو چاوی بازە |
| ٥٨ | قەد عەرعەر |
| ٥٨ | یاری بێ وەفا |
| ٥٩ | پەرچەمی چین چین |
| ٦٠ | عیشق |
| ٦١ | لەیلەکەم |
| ٦٢ | یارەکەم |
| ٦٣ | بولبولێکم |
| ٦٤ | مەکەن مەنعم |
| ٦٦ | غەمزەی چاوان |
| ٦٧ | پیر بووم لە هیجرت |
| ٦٨ | خوایە چیم لێ قەوماوە |
| ٦٩ | کوشتمی |
| ٦٩ | عیشقی لەیلا |
| ٧٠ | یارەکەم |
| ٧١ | دڵو بولبول |
| ٧٢ | دڵ پەرێشـانە |
| ٧٣ | دڵ پەروانەیە |
| ٧٤ | شێتەو شەیدام |
| ٧٥ | خۆشەویستم |
| ٧٦ | لە حەسرەت لەیلا |
| ٧٧ | بەسیەتی ناڵین |
| ٧٨ | وەك منداڵم |
| ٧٩ | خوێن رێژی یارەکەی من |
| ٨٠ | بەهارو یار |
| ٨١ | کراسەکەی کتانە |
| ٨٢ | یارەکەم |


هەواڵنامەی کتێب

| زنجیره | بابـــەت |
| --- | --- |
| ٧٢ | تاسەحەر |
| ٨٤ | یارەکەی خەمخوارەکەم |
| ٨٥ | بۆ دلم پڕ غەمە |
| ٨٦ | بۆ وا بێ رەحمی |
| ٨٦ | خۆشەویستی |
| ٨٧ | یا خودا کوستت کەوێ |
| ٨٨ | پێنج خشتەکی سامی لەسەر شیعری (جەلی زادە) |
| ٩١ | پێڕست |


هەواڵنامەی کتێب